ئەو پرسیارانەی کە زۆر دەکرێن

- **کێ دەتوانێت لە ڕێگەی سیستەمی هۆمچۆیس بریستۆڵ داواکاریی بۆ خانووبەرە پێشکەش بکات؟**
بۆ ئەوەی بتوانیت لە ڕێگەی هۆمچۆیس بریستۆڵ-HomeChoice Bristol داواکاریی بۆ بەکرێگرتنی خانووبەرە یان کڕینی خانووبەرەی نرخی هەرزان پێشکەش بکەیت، دەبێت ناوت لە تۆماری خانووبەرەی بریستۆڵ (بریستۆڵ هاوزین ڕێجیستەر)، واتە لیستی چاوەڕوانی خانووبەرەی بریستۆڵ، تۆمار کرابێت. هەر کەسێک تەمەنی 16 ساڵ یان زیاتربێت دەتوانێت داوا بکات کە لە تۆماری خانووبەرەی بریستۆڵدا ناونووس بکرێت و ناوی تۆمار بکرێت.

- **چۆن دەتوانم داواکاریی بۆ خۆناونووسکردن لە تۆماری خانووبەرە بکەم؟**
بۆ ئەو مەبەستە، دەبێت فۆرمێکی داواکاریی پڕ بکەیتەوە. بۆ ئەوەی لەسەر ئینتەرنێت فۆرمێکی داواکاریی پڕ بکەیتەوە، تکایە کرتەیەک بکە لەسەر فۆرمی داواکاریی سەر ئینتەرنێت (on-line application form). یاخود دەتوانیت فۆرمێکی داواکاریی لە هەر کام لە خاڵەکانی خزمەتگوزاریی هاوڵاتیان (کەستمەر سێرڤیس پۆینت)ی کاونسڵی شاری بریستۆڵ وەربگریت.

- **ئەو بەڵگەنامانەی تر کامانەن کە دەبێت پێشکەشیان بکەم؟**
هاوپێچ لەگەڵ فۆرمی داواکارییەکەتدا، دەبێت ئەم شتانەی خوارەوە دابین بکەیت:
  - بەڵگەی ناسنامە بۆ هەموو ئەندامانی خێزانەکەت (بۆ نموونە پاسپۆرت، بڕوانامەی لەدایکبوون)
  - بەڵگەی ئەدرەسی ئێستات (بۆ نموونە پسوولەیەکی/وەسڵێکی ئەم دواییانەی غاز، کارەبا، ئاو)
  - ئەگەر تۆ ڕەگەزنامەی بەریتانیت نیە، دەبێت بەڵگەنامەی ئەوەی کە مافی نیشتەجێبوونت/ئیقامەت لە بەریتانیا (شانشینی یەکگرتوو) هەیە پێشکەش بکەیت (بۆ نموونە پاسپۆرت و نامە و بەڵگەنامەکانی تری هۆم ئۆفیس)

بەر لە ئەوەی کە خانووبەرەیەکت پێبدرێت، دەبێت بەڵگەنامەی تر بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکەت پێشکەش بکەیت. ئێمە پاشتر پێتی ڕادەگەیەنین کە دەبێت چ بەڵگەنامەیەکی تر و کەی پێشکەشیان بکەیت.

هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە پێشکەشیان دەکەیت دەبێت نوسخەی ئەسڵی بن و لە کارنەکەوتبن. بۆ لیستی تەواوی هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە پەسەند دەکرێن، تکایە پەیوەندیی بکە بە تیمی هۆمچۆیس بریستۆڵ-HomeChoice Bristol یان بە یەکێک لە خاڵەکانی خزمەتگوزاریی هاوڵاتیان. بۆ کاتەکانی دەوام و زانیارییەکانی پەیوەندیکردن، تکایە کرتەیەک بکە لەسەر چۆنیەتی پەیوەندیکردن بە ئێمە (How to contact us).

- **چی ڕوودەدات ئەگەر من بەڵگەنامە داواکراوەکان دابین و پێشکەش نەکەم؟**
ئەگەر لە ماوەی دیاریکراودا (کە بە شێوەیەکی ئاسایی 28 ڕۆژە) بەڵگەنامەکان پێشکەش نەکەیت یاخود پەیوەندییمان پێوە نەکەیت، ئەوا داواکارییەکەت پووچەڵ (کەنسڵ) دەکرێتەوە.

- **چۆن دەزانم کە لە تۆماری خانووبەرەدا وەرگیراوم و ناونووس کراوم؟**
نامەیەکت بۆ دەنێردرێت و تێیدا پێتی ڕادەگەیەندرێت کە لە تۆماری خانووبەرەی بریستۆڵ وەرگیراویت و ناونووس کراویت. هەروەها تێیدا دەگووترێت کە لە چ 'باندێ'کدا دانراویت و داواکارییەکەت لە چ بەروارێکدا تۆمار کراوە و کەتۆتە کار و، هەروەها قەوارەی ئەو خانووبەرەیەی کە تۆ مافی داواکردنیت هەیە چیە. هەروەها زانیاریی تێدایە دەربارەی چۆنیەتی دەستکردن بە گەڕان و پێشکەشکردنی داخوازیی بۆ خانووبەرە.

- **ئایا ئێوە دەتوانن ڕەفزی بکەن کە من لە تۆماری خانووبەرەدا ناونووس بکرێم؟**
هەندێک کەس هەن کە مافی ئەوەیان نیە لە **تۆماری خانووبەرەدا** ناونووس بکرێن. ئەوانە بریتین لە:
  - هەندێک کەسی دیاریکراو کە بە گوێرەی یاسای پەنابەریی و کۆچبەریی 1996 مەرجی دیاریکراوی نیشتەجێبوونیان لەسەر دانراوە.
  - هەندێک کەسی بێگانەی دیاریکراو کە ئەگەرچی مەرجی دیاریکراوی نیشتەجێبوونیان لەسەر دانەنراوە، بەڵام ئەوان بە شێوەیەکی گشتیی هەمیشەیی لە بەریتانیا، لە چەناڵ ئایلەندس (دورگەکانی کەناڵ)، دورگەی ئایڵ ئۆف مان یان لە کۆماری ئێرلەندا، نیشتەجێ و جێگیرنین.
  - کەسانێک (هەروەها ئەندامانی خێزانەکانیشیان) کە لە ڕابردوودا بە تۆمەتی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ناپەسەند حوکم دراون و شیاوی ئەوە نین کە وەکو کرێچیی وەربگیرێن و خانووبەرەیان پێبدرێت.

بۆ زانیاریی زیاتر لەوبارەیەوە، تکایە پەیوەندیی بکە بە تیمی هۆمچۆیس بریستۆڵ یان بە یەکێک لە خاڵەکانی خزمەتگوزاریی هاوڵاتیان.

- **ئایا بۆ ماوەی چەند لە هەمان باند دەمێنمەوە؟**
ئەگەر تۆ لە باندی 1 هەتا 3 دانرابیت، ئەوا پاش ماوەیەکی دیاریکراو دووبارە پێداچوونەوە بە داواکارییەکەتدا دەکرێتەوە. بەڵام ئەگەر تۆ لە باندی 4 هەتا 5 دانرابیت، ئەوا لە هەمان ئەو باندەدا دەمێنیتەوە، مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت ئەگەر گۆڕانکاریی بەسەر بارودۆخی ژیانتدا بێت و بە گوێرەی ئەو گۆڕانە باندێکی ترت بۆ دەستنیشان بکرێت و لە باندێکی جیاوازدا دابنرێیت.

- **دەبێت چی بکەم ئەگەر گۆڕانکاریی بەسەر بارودۆخی ژیانمدا هات؟**
زۆر گرنگە کە ئەگەر هەر گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی ژیانتدا ڕوویدا، لەبارەیەوە ئاگادارمان بکەیتەوە و پێمان بڵێیت بۆ ئەوەی بە گوێرەی ئەو گۆڕانانە دەستکاریی داواکارییەکەت بکەین و گۆڕانکاریی پێویستی تێدا بکەین. ئەگەر لە ئاکامی ئەوەدا پێویست بکات کە لە باندێکی جیاوازدا دابنرێیت، ئەوا لەبارەیەوە ئاگادارت دەکەینەوە و پێت دەڵێین. ئەگەر بخرێیتە باندێکی باڵاتر، ئەوا بەرواری کارپێکردنی داواکارییەکەت بریتیە لە بەرواری گۆڕینی باندەکەت بۆ بانده بەرزترەکە. ئەگەر بخرێیتە باندێکی نزمتر، ئەوا بەرواری کارپێکردنی داواکارییەکەت بریتیە لە ئەو بەروارەی کە تۆ پێشتر لە ئەو بانده نزمەدا بوویت یاخود هەر بەروارێکی پێشووتر ئەگەر تۆ لە باندێکی بەرزتردا بوویت.

- **ئایا هەموو ساڵێک دەبێت داواکارییەکەم نوێ بکەمەوە؟**
بەڵێ، هەموو ساڵێك جارێک، کە بە شێوەیەکی ئاسایی بریتیە لە ساڵڕۆژی پێشکەشکردنی داواکارییەکەت، فۆرمێکی ڕاگەیاندنامەت بۆ دەنێردرێت، کە دەبێت پڕی بکەیتەوە و لە ماوەی 28 ڕۆژدا بینێریتەوە. ئەگەر فۆرمەکەمان بۆ نەنێریتەوە، ئەوا ئێمە نامەت بۆ دەنێرین و تێیدا ئاگادارت دەکەینەوە کە داواکارییەکەت پووچەڵ/کەنسڵ کراوەتەوە.

- **ئەی چۆن ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەم نەخۆشییەکی/کێشەیەکی تەندروستیی هەبێت؟**
ئەگەر تۆ یان یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەت نەخۆشییەکی هەبێت کە بارودۆخی خانووبەرەی ئێستاتان کاریگەریی خراپی لەسەر نەخۆشییەکەی هەبێت و خراپتری بکات، ئەوا داوای زانیاریی زیاترت لەوبارەیەوە لێدەکەین و ئەو زانیاریانە لە لایەن **تیمی تەندروستیی و خانووبەرەی کاونسڵەوە** لێکدانەوە و لێکۆڵینەویان دەکرێت و ئەمجا ئەوان پێشنیاری خۆیان لەبارەیەوە ڕادەگەیەنن. لە ئەو حاڵەتەدا تۆ دەتوانیت بەردەوامبیت لەسەر پێشکەشکردنی داخوازیی بۆ خانووبەرە بەڵام دەبێت حاڵەتە تەندروستییەکەت لە یادبێت و ڕەچاوی بکەیت و هەر تەنها داخوازیی بۆ ئەو خانووبەرانە پێشکەش بکەیت کە بە گوێرەی حاڵەتە تەندروستییەکە گونجاو و لەبارن، بۆ نموونە ئەگەر تۆ ناتوانیت بەسەر قادرمەدا سەربکەویت، ئەوا دەبێت داخوازیی هەر تەنها بۆ خانووبەرەی نهۆمی/قاتی ئەرزی یان خانووبەرەی جۆری بەنگەڵۆ (ئەوەی هەر تەنها یەک نهۆمە) پێشکەش بکەیت.

- **ئایا کەی لیستی خانووبەرە چۆڵەکان بڵاو دەکرێتەوە؟**
هەموو هەفتەیەک لە کاتژمێری 00.01ی سەرەتای ڕۆژی سێشەممە هەتا کاتژمێری 11.59ی کۆتایی شەوی یەکشەممە ڕێکلامی لیستی خانووبەرە چۆڵەکانی کە بۆ بەکرێدانن، بڵاو دەکرێتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە کرتەیەک بکە لەسەر هەنگاوی دووەم-هەڵبژاردن، کە بەشێکە لە ڕێنمایی هەنگاو-بە-هەنگاوی بەکارهێنانی ئەم خزمەتگوزارییە.

- **ئایا لیستی خانووبەرە چۆڵەکان لە کوێدا بڵاو دەکرێتەوە؟**
لیستی خانووبەرە چۆڵەکان بە ئەم ڕێگانەی خوارەوە بڵاو دەکرێتەوە:
  - لەسەر ئینتەرنێت لەسەر ماڵپەڕی www.homechoicebristol.co.uk .
  - لە هەواڵنامەیەکدا، کە دەتوانرێت لە خاڵەکانی خزمەتگوزاریی هاوڵاتیان یان لە ئۆفیسەکانی هاوزین ئەسۆسیەیشنەکان بەدەست بکەوێت.
  - لە ژمارەی ڕۆژانی سێشەممەی ڕۆژنامەی Bristol Evening Post (بریستڵ ئیڤنین پۆست).

- **ئایا لە ڕێکلامی خانووبەرە چۆڵەکاندا چ زانیارییەک دەربارەی خانووبەرەکە باس دەکرێت؟**
لە ڕێکلامەکەدا ئەم زانیاریانە دەنووسرێت: ژمارەی ژووری نووستنی خانووبەرەکە، ناوی لایەن و دەزگای خاوەنماڵی خانووبەرەکە، ناوچەی خانووبەرەکە، کرێی خانووبەرەکە و کۆمەڵێک زانیاریی تری خانووبەرەکە. هەروەها وێنەیەکی فۆتۆگرافی خانووبەرەکەش لە ڕێکلامەکەدا دادەنرێت. هەروەها لە ڕێکلامی ئەو خانووبەرانەی کە لەسەر ئینتەرنێت بڵاودەکرێنەوە، بەستەری (لینکی) دامودەزگا و شوێنە گرنگەکانی ناوچەکەی تێدایە. هەروەها لە ڕێکلامەکەدا دەنووسرێت ئایا هیچ مەرجێکی دیاریکراوی تر هەیە کە دەبێت لە داواکارەکەدا هەبێت، بۆ نموونە مەرجی تەمەن، یان ئایا کام باندانە دەتوانن داخوازیی بۆ خانووبەرەکە پێشکەش بکەن و لەپێشتریی (ئەفزەلیەت) بە کێ دەدرێت. ئەگەر ژمارەی ژووری نووستنی کە تۆ مافی داواکردنیت هەیە جیاوازبێت لە ژمارەی نووستنی خانووبەرەی ڕێکلامەکە، ئەوا بە شێوەیەکی ئاسایی ناتوانیت داخوازیی بۆ ئەو خانووبەرەیە پێشکەش بکەیت.

- **چۆن دەتوانم داواکاریی بۆ خانووبەرە پێشکەش بکەم؟**
دەتوانیت داواکاریی، یان کە پێی دەگووترێت داخوازیی (بید/بیدینگ)، بۆ خانووبەرەکان بە ئەم ڕێگانەی خوارەوە پێشکەش بکەیت:
  - لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لەسەر ماڵپەڕی www.homechoicebristol.co.uk .
  - لە ڕێگەی سیستەمی تەلەفۆنیی ئۆتۆماتیکیمانەوە کە ژمارەکەی بریتیە لە 0845 270 1382 و دەتوانیت 24 سەعاتەی شەو و ڕۆژ بەکاریبهێنیت.
  - لە ڕێگەی ناردنی تێکست بۆ ژمارەی 07781 486 941.

- **ئایا هەر جارەی دەتوانم داخوازیی بۆ چەند خانووبەرە پێشکەش بکەم؟**
هەموو هەفتەیەک دەتوانیت داخوازیی بۆ ئەوپەڕی سێ خانووبەرە پێشکەش بکەیت. بەڵام بێگومان تۆ دەتوانیت داخوازیی هەر تەنها بۆ ئەو خانووبەرانە پێشکەش بکەیت کە بۆ تۆ و خێزانەکەت گونجاو و شیاون. هەروەها دەتوانیت کە ڕات بگۆڕیت و داخوازییەکانت ڕابکێشیتەوە یان لە جیاتی ئەوان داخوازیی بۆ خانووبەرەی تر پێشکەش بکەیت کە دەبینیت ئەگەری وەرگرتنیت زیاترە.

- **ئایا چەند کاتم هەیە بۆ ئەوەی داخوازیی بۆ خانووبەرە پێشکەش بکەم؟**
لیستی خانووبەرە چۆڵەکان لە کاتژمێری 00.01ی سەرەتای ڕۆژی سێشەممە بڵاو دەکرێنەوە و تۆ هەتا کاتژمێری 11.59ی کۆتایی شەوی یەکشەممەی دواتر کاتت هەیە کە داخوازیی بۆ خانووبەرە پێشکەش بکەیت.

- **ئایا من دەزانم کە چەند کەسی تر داخوازیی بۆ هەمان ئەو خانووبەرەیەی کە من مەبەستمە، پێشکەش کردووە؟**
بەڵێ، کاتێک داخوازیی بۆ خانووبەرەیەک پێشکەش دەکەیت، پێت دەگوورێت کە تۆ لە نۆرەکەدا (سەرەکەدا) چەندەمین کەسیت. ئەگەری (ئیحتیمالی) ئەوە زۆرە کە ئاستی نۆرەی ناوەکەت لە ڕیزەکەدا بە بەردەوامی بگۆڕێت، چونکە کەسانی تریش داخوازیی بۆ هەمان خانووبەرە پێشکەش دەکەن. ئەمجا بە گوێرەی ئەو زانیارییە دەتوانیت بڕیار بدەیت کە داخوازییەکەت ڕابکێشیتەوە (سەحب بکەیتەوە) و داخوازیی بۆ خانووبەرەیەکی تر کە لە ئاستێکی چاکتری نۆرەکەیدا دادەنرێیت پێشکەش بکەیت. تۆ دەتوانیت بەر لە بەرواری داخستنی پێشکەشکردنی داخوازیی هەر کاتێک بتەوێت ئەو کارە بکەیت.

- **ئایا ئێوە چۆن بڕیار دەدەن کە خانووبەرەکە بە کێ بدرێت؟**
هەر کە بەرواری داخستنی پێشکەشکردنی داخوازیی بەسەرچوو، لیستێکی پوخت و کورتکراوەی داواکارەکان ئامادە دەکرێت. ڕیزبەندیی (واتە بە نۆرە دانانی) ناوی داواکارەکان بە گوێرەی ئەوە دەبێت کە ئایا هەتا چەند مەرجەکانی ئەو خانووبەرەیەیان تێدایە. ئەمجا بە شێوەیەکی ئاسایی، خانووبەرەکە دەدرێت بە ئەو داواکارەی کە ناوی لە لیستەکەدا یەکەمە و لە سەرو هەموویانەوەیە. بۆ زانیاریی زیاتر تکایە کرتیەک بکە لەسەر هەنگاوی سێیەم - بێدان.

سوڕی (دەورەی) داخوازیی کۆتایی دێت لە شەوی یەکشەممە سەعات 23.59 سەرلەبەیانی. ئەگەر واسەیرت کرد کەوا تۆ لە پلەی یەکەمدای بۆ خانووبەرەکە کاتێک کە سوڕی داخوازییەکە کۆتایی هات، تکایە چاوەڕێ بکە کە پەیوەندیت پێوە بکرێ لەلایەن خاوەن ماڵی پەیوەندیدارەوە، کە لەوانەیە لە باودۆخێکدابن کەنەتوانن بەخێرایی پەیوەندیت پێوە بکەن.

- **ئەگەر من سەرکەوتووانە داخوازیی بۆ خانووبەرەیەکی کرێ پێشکەش بکەم، ئایا خاوەنماڵەکە دەتوانێت ڕەفزی بکات کە خانووبەرەکەم پێبدرێت؟**
ئەگەر یەکەم ناو لە لیستی داواکارەکاندا ناوی تۆ بێت و لە سەری سەرەوەبێت بەڵام خاوەنماڵەکە هەست بکات کە هۆی دیارکراو هەیە کە تۆ شیاوی ئەوەنیت خانووبەرەکەت پێبدرێت، ئەوا ئەوان لەبارەیەوە ئاگادارت دەکەنەوە و پێتی دەڵێن. ئەگەر تۆ ئەو بڕیارەت بەلاوە ڕاست و دروست و پەسەند نیە، ئەوا دەبێت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە خاوەنماڵەکە بکەیت.

- **ئەگەر خانووبەرەیەکم پێبدرێت، ئایا بەر لە ئەوەی کە ڕازی بیم وەریبگرم دەتوانم بچم تەماشای بکەم و ببینم؟**
بەڵێ. دەرفەتی ئەوەت پێدەدرێت کە بچیت و تەماشای خانووبەرەکە بکەیت و بڕیار بدەیت ئایا دەتەوێت وەریبگریت یان نا.

- **ئەی چۆن ئەگەر پاش ئەوەی تەماشای خانووبەرەکە دەکەم بە دڵم نەبێت و نەمەوێت؟**
ئەگەر خانووبەرەیەکت پێبدرێت بەڵام ڕەفزی بکەیت و وەرینەگریت، ئەوا بە شێوەیەکی ئاسایی باندەکەت یەک پلە نزم دەکرێتەوە و دەخرێیتە باندێکی خوارتر بۆ ماوەی شەش مانگ. ئەگەر بە بۆچوونی تۆ ئەو خانووبەرەیەی پێتدراوە گونجاو و لەبار نیە بۆ تۆ، دەبێت هۆیەکانت بۆ ڕەفزکردنی وەرگرتنی خانووبەرەکە بە نووسین/نامە پێشکەش بە تیمی هۆمچۆیس بریستۆڵ بکەیت. ئەگەر سەبارەت بە ئەو کارە (واتە نووسینی داواکاریی و هۆیەکان) پێویستیت بە یارمەتی هەیە، تکایە پەیوەندیی بە یەکێک لە خاڵەکانی کاروباری هاوڵاتییان بکە. بۆ هەموو زانیارییەکانی پەیوەندیکردن، تکایە کرتەیەک لەسەر چۆنیەتی پەیوەندیکردن بە ئێمە بکە.

- **ئایا چۆن دەتوانم بزانم کە چی بەسەر خانووبەرە چۆڵە بڵاوکراوەکاندا هاتووە؟**
زانیاریانەکانی ئەو خانووبەرانەی کە سەرکەوتووانە بە کرێ دەدرێن دەخرێنە بەردەست و بڵاودەکرێنەوە. ئێمە پێتی دەڵێین کە چەند کەس داخوازیی بۆ هەر کام لە خانووبەرەکان پێشکەش کردووە، هەروەها باند و بەرواری تۆمارکردنی هەر کام لە داواکارەکانت پێدەڵێین. بۆ بینینی لیستی خانووبەرەکانی کە بە کرێدراون، تکایە کرتەیەک بکە لەسەر ئەو خانووبەرانەی لە ئەم دواییەدا بە کرێدراون (Recent Lets).

- **ئایا ئەو زانیاریانە چ سوودێکی بۆ من دەبێت؟**
زانیاریی ئەوەت پێدەدات کە ئایا کام لە خانووبەرە و ناوچەکان داواکاریی لەسەریان زۆرە و خەڵک ئارەزوویان دەکات و ئایا دەبێت ماوەی چەند چاوەڕوانی بۆ ئەوانە بکەیت هەتا وەریبگریت. ئەمجا دەتوانیت بڕیار بدەیت کە داخوازیی بۆ خانووبەرەی تر و ناوچەی تر پێشکەش بکەیت کە دەبینیت ئەگەری وەرگرتنیت زیاترە و پێویست ناکات ئەوەندە چاوەڕوان بکەیت.

- **ئایا فەرش و ڕاخەر و کەلوپەلی تری ناوماڵم پێدەدرێت و بۆم دابین دەکرێت؟**
نەخێر، بە شێوەیەکی ئاسایی دەبێت خۆت فەرش و ڕاخەر و شتومەکی ناوماڵ بۆ خانووبەرەکەت دابین بکەیت.

- **ئایا هیچ ڕێگەی تر بۆ پەیداکردنی خانووبەرە هەیە؟**
لە ڕاستیدا ئێستاکە قەیرانێکی گەورەی خانووبەرە لە ناوچەی بریستۆڵ هەیە. هەموو ئەو داواکارانەی کە خۆیان لە تۆماری خانووبەرەدا ناونووس دەکەن دەبێت ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی بکەن بۆ ئەوەی خانووبەرەیان پێبدرێت و، ئەوانەی کە لە باندە نزمەکاندا دانراون ئەگەری ئەوە ئێجگار کەمە کە بتوانرێت لە ناوچەکانی ناوشار خانووبەرەیان پێبدرێت. ئەگەرچی ئەوە بەندە لەسەر بارودۆخەکەت، بەڵام لەوانەیە باشتربێت کە لێکدانەوەی ڕێگەکانی تری پەیداکردنی خانووبەرە بکەیت، بۆ نموونە بەکرێگرتنی خانووبەرەی کەرتی تایبەت

(پرایڤێت). دەشێت ئێمە پارەی پێشەکیی بەکرێگرتنی خانووبەرەی پرایڤێتت پێبدەین ئەگەر مەرجە دیاریکراوەکانت تێدابێت. ئەگەر بتەوێت دەتوانیت بە مەبەستی باس و تاووتوێکردنی ڕێگەکانی تری بەدەستکەوتنی خانووبەرە، مەوعیدێک لەگەڵ **تیمی هۆمچۆیس بریستۆڵ** دروست بکەیت.

- **ئەی چۆن ئەگەر بووم بە کەسێکی بێجێگە (هۆملێس)؟**

ئەگەر بوویت بە کەسێکی بێجێگە یان مەترسیی ئەوەبوو کە دەبیت بە کەسێکی بێجێگە، ئەوا پێویستە پەیوەندیی بە تیمی هۆمچۆیس بریستۆڵ یان بە خاڵەکانی کاروباری هاوڵاتییان بکەیت. ئێمە هاوکارییت دەکەین بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین نەهێڵین ببیت بە کەسێکی بێجێگە و ڕێگەکانی تری پەیداکردنی خانووبەرەت لەگەڵ باس و تاووتوێ دەکەین. ئەگەر ئەم هەوڵانەمان سوود و ئەنجامی نەبێت، ئەوا دەشێت ئێمە جێگەیەکی کاتییت (موەقەتت) پێبدەین. بەڵام لە ئەو حاڵەتەدا ئەگەر ناوت لە تۆماری خانووبەرەدا تۆمارکراوە ئەوا دەبێت لە ڕێگەی هۆمچۆیس بریستۆڵەوە بەردەوامبیت لەسەر پێشکەشکردنی داخوازیی بۆ خانووبەرە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەمە بە ئەو خێراییە ئەنجامی نابێت کە بە فریای بێجێگەییەکەت بکەوێت چونکە بە شێوەیەکی ئاسایی زۆربەی داواکارەکان دەبێت ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی بکەن بەر لە ئەوەی خانووبەرە وەربگرن.

- **ئایا چۆن دەتوانم داوا بکەم کە پێداچوونەوە بە بڕیارێکدا بکرێتەوە؟**

ئەگەر تۆ سەبارەت بە هەر کام لە ئەم بڕیارانە نارەزامەند بیت و بەلاتەوە پەسەند نەبن دەتوانیت داوای پێداچوونەوەیان بکەیت:

- بڕیاری ئەوەی کە تۆ مافی ئەوەت نیە لە تۆماری خانووبەرەدا ناونووس بکرێیت.
- بڕیاری ئەوەی کە تۆ مافی ئەوەت نیە خانووبەرەت پێبدرێت.
- بڕیاری پووچەڵکردنەوەی (کەنسڵکردنی) داواکارییەکەت، جگە لە ئەو حاڵەتانە نەبێت کە خۆت داوات کردووە پووچەڵ بکرێتەوە.
- ئەگەر لە ئەو باوەڕەدابیت کە تۆ لە باندێکی هەڵەدا دانراویت یاخود بەرواری لەپێشتریت هەڵەیە.

بۆ ئەوەی داوای پێداچوونەوە بکەیت، دەبێت لە ماوەی 21 ڕۆژ لە بەرواری ئاگادارکردنەوەت سەبارەت بە بڕیارەکە و هۆیەکانی، پەیوەندیی بە **تیمی هۆمچۆیس بریستۆڵ** بکەیت. ئەگەر بتەوێت دەتوانیت زانیاریی زیاتر بنێریت بۆ ئەوەی لە پێداچوونەوەکەدا ڕەچاو و لێکدانەوەیان بکرێت. بە شێوەیەکی گشتی لە ماوەی 8 هەفتەدا سەبارەت بە ئەنجامی پێداچوونەوەکە ئاگادار دەکرێیتەوە و وەڵام دەدرێیتەوە. پاش ئەوە ئیتر مافی ئەوەت نامێنێت کە داوای پێداچوونەوەی تر بکەیت.

چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم خزمەتگوزارییە

بۆ بەکارهێنانی سیستەمی **هۆمچۆیس بریستۆڵ** تکایە پەیڕەویی ئەو ڕێنماییە هەنگاو-بە-هەنگاوەی خوارەوەمان بکە.

ئەو ڕێنماییانە بۆتی ڕوون دەکاتەوە کە چۆن دەتوانیت سیستەمەکە بۆ بەکرێگرتنی خانووبەرەیەکی کاونسڵ یان خانووبەرەیەکی یەکێک لە کۆمەڵەکانی خانووبەرە (هاوزین ئەسۆسیەیشنەکان) بەکاربهێنیت.

هەنگاوی یەکەم	ناونووسکردن
هەنگاوی دووەم	هەڵبژاردن
هەنگاوی سێیەم	پێدانی خانووبەرەکە
هەنگاوی چوارەم	ئاکام و بڕیار

هەنگاوی یەکەم - ناونووسکردن

تەنها لە حاڵەتێکدا دەتوانیت لە ڕێگەی سیستەمی **هۆمچۆیس بریستۆڵ** داواکاریی بۆ خانووبەرە پێشکەش بکەیت ئەگەر لە تۆماری خانووبەرەدا (لیستی چاوەڕوانی) خۆت ناونووس کردبێت و کاتی ئەندامێتییەکەت بەسەرنەچووبێت. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی خۆناونووسکردن لە تۆماری خانووبەرەدا، تکایە کرتەیەک بکە لەسەر کێ دەتوانێت ئەم خزمەتگوزارییە بەکاربهێنێت.

هەر کە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی داواکارییەکەتمان بۆ خانووبەرە کرد، ئەمجا نامەت بۆ دەنێرین و تێیدا ئەم زانیاریانەت پێدەدەین:

- ژمارەی داواکاریی خانووبەرەت
- ئەو باندەی کە بۆ داواکارییەکەت دەستنیشان کراوە و داواکارییەکەت لە چ بەروارێکدا تۆمار کراوە و کەوتووەتە کار. بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە کرتەیەک بکە لەسەر ڕیزبەندیی داواکارییەکان.
- ژمارەی ژووری نووستن کە تۆ مافی داواکردنیت هەیە.

ئەگەر هەر گۆڕانکارییەک بەسەر بارودۆخی ژیانتدا بێت، ئەوا دەبێت لەبارەیەوە ئاگادارمان بکەیتەوە و پێمان بڵێیت بۆ ئەوەی دووبارە داواکارییەکەت هەڵبسەنگێنین و بە گوێرەی ئەو گۆڕانە باندێکی ترو بەروارێکی بەکاری نوێت بۆ دەستنیشان بکەین.

قەوارەی خانووبەرەکە

تۆ هەر تەنها مافی ئەو خانووبەرانەت دەبێت کە بە گوێرەی ژمارەی ئەندامانی خێزاکەت گونجاو و لەبارن. ئەم خشتەیەی خوارەوە ڕوونی دەکاتەوە کە ئێمە چۆن بڕیار دەدەین ئایا تۆ مافی خانووبەرەی چەند ژووری نووستنیت دەبێت:

	ژمارەی ژووری نووستن					
جۆری داواکارەکان	**بێدسیت**	**1**	**2**	**3**	**4**	**5**
داواکاری سەڵت (تەنها/زگورتی)	0	1				
جووتێک هاوسەر یان ژن و مێرد کە پێکەوە دەژین و منداڵیان نیە		1				
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە بەو نزیکانە چاوەڕوانی منداڵبوون دەکەن		1	2			
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە یەک منداڵیان هەیە			2			
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە دوو منداڵیان هەیە (منداڵەکان توخمی جیاوازن، واتە یەکێکیان کچە و ئەوی تر کوڕە و تەمەنیان لە 10 ساڵ کەمترە)			2			
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە دوو منداڵیان هەیە (هەردوو منداڵەکە هەمان توخمن و تەمەنیان لە 21 ساڵ کەمترە)			2			
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە دوو منداڵیان هەیە (منداڵەکان توخمی جیاوازن و بە لایەنی کەمەوە تەمەنی یەکێک لە منداڵەکان لە 10 ساڵ زیاترە)				3		
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە سێ منداڵیان هەیە (منداڵەکان توخمی جیاوازن و هەموو تەمەنیان لە 10 ساڵ کەمترە)				3		
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە سێ منداڵیان هەیە (منداڵەکان هەمان توخمن و هەموو تەمەنیان لە 21 ساڵ کەمترە)				3		
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە سێ منداڵیان هەیە (منداڵەکان توخمی جیاوازن و هەموو تەمەنیان لە 21 ساڵ کەمترە)				3		
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە سێ منداڵیان هەیە (منداڵەکان هەمان توخمن و دوو لە ئەوان تەمەنیان لە 21 ساڵ کەمترە و یەکێکیان لە21 ساڵ زیاترە)				3		
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە سێ منداڵیان هەیە (یەک لە ئەوان تەمەنی لە 21 ساڵ کەمترە و دوو لە ئەوان تەمەنیان لە 21 ساڵ زیاترە)				3	4	
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە سێ منداڵیان هەیە (منداڵەکان هەمان توخمن و هەموو تەمەنیان لە 21 ساڵ زیاترە)				3	4	
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە سێ منداڵیان هەیە (منداڵەکان توخمی جیاوازن و هەموو تەمەنیان لە 21 ساڵ زیاترە)				3	4	
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە سێ منداڵیان هەیە (یەکێکیان تەمەنی لە 21 ساڵ زیاترە و دوو لە ئەوان توخمی جیاوازن و یەکێک تەمەنی لە 10 ساڵ زیاترە و ئەوی تر لە 10 ساڵ کەمترە)				3	4	
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە چوار منداڵیان هەیە (منداڵەکان هەمان توخمن و هەموو تەمەنیان لە 21 ساڵ کەمترە)				3		
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە چوار منداڵیان هەیە (منداڵەکان توخمی جیاوازن و هەموو تەمەنیان لە 10 ساڵ کەمترە)				3		
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە چوار منداڵیان هەیە (دوو کوڕ و دوو کچ و هەموو تەمەنیان لە 21 ساڵ کەمترە)				3		
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە چوار منداڵیان هەیە (منداڵەکان هەمان توخمن و سێ لە ئەوان تەمەنی لە 21 ساڵ کەمترە و یەکێک تەمەنی لە 21 زیاترە)				3	4	
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە چوار منداڵیان هەیە (سێ لە منداڵەکان هەمان توخمن و تەمەنیان لە 10 ساڵ کەمترە و یەکێک توخمی بەرامبەرە و تەمەنی لە 10 ساڵ زیاترە)					4	
داواکاری سەڵت یان جووتێک هاوسەر کە چوار منداڵیان هەیە (سێ لە منداڵەکان توخمی جیاوازن و تەمەنیان لە 10 ساڵ کەمترە و یەکێک تەمەنی لە 21 ساڵ زیاترە)					4	

* خێزانی گەورەتر دەتوانن داخوازیی بۆ خانووبەرەی گەورەی 3 ژووری نووستن یان 4، 5 یان 6 ژووری نووستن پێشکەش بکەن.

تێبینی: تیمی تەندروستیی و خانووبەرەی کاونسڵ دەتوانێت لەسەر بناغەی هۆکاری تەندروستیی ڕێگە بە هەر خێزانێک بدات کە داخوازیی بۆ ژمارەیەکی زیاتر ژووری نووستن کە مافی داواکردنیان هەیە، پێشکەش بکەن.

هەنگاوی دووەم – هەڵبژاردن

بڵاوکردنەوەی ڕێکلامی لیستی خانووبەرە چۆڵەکان

لیستی خانووبەرە چۆڵەکانی **کاونسڵی شاری بریستۆڵ** و **هاوزین ئەسۆسیەیشنەکان** هەموو هەفتەیەک بڵاو دەکرێنەوە و سووڕی بڵاوکردنەوەی ڕێکلامەکان لە کاتژمێری 00.01ی سەرەتای ڕۆژی سێشەممە دەست پێدەکات و لە کاتژمێری 11.59ی کۆتایی شەوی یەکشەممەی دواتر دادەخرێت و، دەتوانیت بە درێژایی ماوەی سووڕی بڵاوکردنەوەی ڕێکلامەکان هەر کاتێک بتەوێت داخوازیی بۆ خانووبەرە بڵاوکراوەکان پێشکەش بکەیت. مەبەست لە دەستەواژەی 'داخوازیی' (یان کە بە ئینگلیزی پێی دەگووترێت 'بید' یان 'بیدینگ') بریتیە لە دەربڕینی ئارەزووت سەبارەت بە داواکردنی هەر کام لە خانووبەرە بڵاوکراوەکان.

لیستی خانووبەرە چۆڵەکانی **کاونسڵی شاری بریستۆڵ** و **هاوزین ئەسۆسیەیشنەکان** کە بۆ بە کرێدانن بە ئەم ڕێگانەی خوارەوە بڵاو دەکرێتەوە:

- لەسەر ئەم ماڵپەڕەی ئینتەرنێت لە ڕێگەی گەڕان بە دوای خانووبەرەدا (Property Search).
- لە ژمارەی ڕۆژانی سێشەممەی ڕۆژنامەی Bristol Evening Post (بریستڵ ئیڤنین پۆست).
- لە هەواڵنامەدا، کە دەتوانرێت لە **خاڵەکانی خزمەتگوزاریی هاوڵاتیان** بەدەست بکەوێت. بۆ کاتەکانی دەوامی **خاڵەکانی خزمەتگوزاریی هاوڵاتیان**، تکایە کرتەیەک بکە لەسەر چۆنیەتی پەیوەندیکردن بە ئێمە.

لە ڕێکلامەکەدا وێنەیەکی فۆتۆگرافی خانووبەرەکە دادەنرێت و ئەم زانیارییانەی تێدا دەنووسرێت: ژمارەی ژووری نووستنی خانووبەرەکە، ناوچەی خانووبەرەکە، کرێی خانووبەرەکە، ناوی دەزگای خاوەنماڵی خانووبەرەکە و کۆمەڵێک زانیاریی تری خانووبەرەکە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات بڕیار بدەیت کە ئایا ئەو خانووبەرەیە بۆ تۆ گونجاوە یان نا. هەروەها لە ڕێکلامی ئەو خانووبەرانەی کە لەسەر ئینتەرنێت بڵاودەکرێنەوە، بەستەری (لینکی) دامودەزگا و شوێنە گرنگەکانی ناوچەکەی تێدایە.

هەروەها لە ڕێکلامەکەدا دەنووسرێت ئایا هیچ مەرجێکی دیاریکراوی تر هەیە کە دەبێت لە داواکارەکە هەبێت، بۆ نموونە مەرجی تەمەن، یان ئایا کام باندانە دەتوانن داخوازیی بۆ خانووبەرەکە پێشکەش بکەن و لەپێشتریی (ئەفزەلیەت) بە کێ دەدرێت. ئەگەر ژمارەی ژووری نووستنی کە تۆ مافی داواکردنیت هەیە جیاوازبێت لە ژمارەی نووستنی خانووبەرەی ڕێکلامەکە، ئەوا بە شێوەیەکی ئاسایی ناتوانیت داخوازیی بۆ ئەو خانووبەرەیە پێشکەش بکەیت.

بۆ زانیاریی دەربارەی خانووبەرەکە، کۆمەڵێک هێما و نیشانەی جۆراجۆر بەکاردەهێنرێت.

پێشکەشکردنی داخوازیی بۆ خانووبەرەکە

بۆ ئەوەی ئارەزووی خۆت سەبارەت بە خانووبەرەیەک دەربڕیت، دەبێت داخوازیی بۆ ئەو خانووبەرەیە پێشکەش بکەیت. تۆ هەر تەنها مافی ئەو خانووبەرانەت دەبێت کە بە گوێرەی ژمارەی ئەندامانی خێزاکەت گونجاو و لەبارن. ئەم خشتەیەی خوارەوە ڕوونی دەکاتەوە کە ئێمە چۆن بڕیار دەدەین ئایا تۆ مافی خانووبەرەی چەند ژووری نووستنیت دەبێت. بۆ زانینی ئەوپەڕی ژمارەی نووستن کە تۆ مافی پێشکەشکردنی داخوازییت بۆیان هەیە، تکایە کرتەیەک بکە لەسەر هەنگاوی یەکەم-ناونووسکردن. لە هەندێک حاڵەتدا دەتوانیت داخوازیی بۆ ژمارەیەکی کەمتر ژووری نووستن لەوەی کە مافی خۆتە پێشکەش بکەیت، بەڵام بە مەرجێک ئەوە نەبێتە مایەی قەرەباڵغیی لە ڕادەبەدەر لە خانووبەرەکەدا.

دەتوانیت داواکاریی، یان کە پێی دەگووترێت داخوازیی (بید/بیدینگ) بۆ خانووبەرەکان بە ئەم ڕێگانەی خوارەوە پێشکەش بکەیت:

- لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لەسەر ماڵپەڕەکەمان. بۆ چوونەناو سیستەمەکە (لۆگین) دەبێت ژمارەی داواکاریی خانووبەرەت و بەرواری لە دایکبوونی داواکارە سەرەکییەکە بەکاربهێنیت. لۆگین/حیسابەکەم (Login/My account).
- لە ڕێگەی سیستەمی تەلەفۆنیی ئۆتۆماتیکیمانەوە کە ژمارەکەی بریتیە لە 0845 270 1382 و دەتوانیت 24 سەعاتەی شەو و ڕۆژ بەکاریبهێنیت.
- لە ڕێگەی ناردنی تێکست بۆ ژمارەی 07781 486 941.
- لە ڕێگەی بەکارهێنانی خاڵی خۆخزمەتگوزاریی لە هەر کام لە **خاڵەکانی خزمەتگوزاریی هاوڵاتیان**. کارمەندەکانمان بە خۆشحاڵییەوە ئامادەن کە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەوەت نیشان بدەن و بۆتی ڕوون بکەنەوە.

هەموو هەفتەیەک، واتە لە هەموو سووڕێکی ڕێکلامدا، دەتوانیت داخوازیی بۆ ئەوپەڕی 3 خانووبەرە پێشکەش بکەیت. هەر داخوازییەک پاش نیوەشەوی یەکشەممە پێشکەش بکرێت پەسەند ناکرێت و لێکدانەوەی ناکرێت. تۆ دەتوانیت کە داخوازیی هەر تەنها بۆ ئەو خانووبەرانە پێشکەش بکەیت کە بۆ ژمارەی خێزانەکەت گونجاو و شیاون.

خانووبەرە چۆڵەکانی کە ئێستا لە ئارادان

بۆ زانینی ئەو خانووبەرانەی کە ئێستاکە چۆڵن، تکایە کرتەیەک بکە لەسەر گەڕان بە دوای خانووبەرەدا (Property Search).

یارمەتیدانت بۆ بەکارهێنانی ئەم سیستەمی خزمەتگوزارییە

ئەگەر تۆ خۆت یان کەسێک دەناسیت کە سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەم خزمەتگوزارییەی ئێمە پێویستیی بە یارمەتی هەیە، تکایە پەیوەندیی بکە بە

تیمی هۆمچۆیس بریستۆڵ یان بە یەکێک لە **خاڵەکانی خزمەتگوزاریی هاوڵاتیان**. بۆ کاتەکانی دەوام و زانیارییەکانی پەیوەندیکردن، تکایە کرتەیەک بکە لەسەر جۆنیەتی پەیوەندیکردن بە ئێمە.

هەنگاوی سێیەم – پێدانی خانووبەرەکە

هەموو ئەو داخوازیانەی بۆ خانووبەرەکان پێشکەش دەکرێن بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە گوێرەی باندەکان ڕیزبەند دەکرێن و ڕەچاوی هەموو مەرجەکانی شایان بوون دەکرێت کە لە ڕێکلامەکاندا دەستنیشان کراون و، ئەمجا لیستی ناوی داواکارەکان بۆ هەر کام لە خانووبەرەکان بە جیا بە گوێرەی سیستەمی باندەکان ڕیزبەند دەکرێت. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی سیستەمی دەستنیشانکردنی باندەکان، تکایە کرتەیەک بکە لەسەر ڕیزبەندیی داواکارییەکان . هەر کە سووڕی ڕێکلامەکانی هەفتە داخرا، خاوەنماڵی هەر کام لە خانووبەرەکان لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی لیستی کورتکراوەی ئەو داخوازیانە دەکات کە بۆ خانووبەرەکانی پێشکەش کراون. لە زۆربەی حاڵەتدا خانووبەرەکە دەدرێت بە ئەو کەسەی کە ناوی لە لیستەکەدا لە سەری سەرەوەیە (واتە ئەوەی کە یەکەم ناو لە لیستەکەدا ناوی ئەوە). ئەگەر خاوەنماڵەکە نەتوانێت خانووبەرەکە بە یەکەمین ناوی سەرەوەی لیستەکە بدات، ئەوا دەیدات بە ناوی دووەم و ئەمجا بە ئەو جۆرە. ئەو داواکارەی کە خانووبەرەکەی پێدەدرێت دەتوانێت بەر لە ڕازیبوونی بە وەرگرتنی خانووبەرەکە بچێت و تەماشای خانووبەرەکە بکات.

سووڕی (دەورەی) داخوازیی کۆتایی دێت لە شەوی یەکشەممە سەعات 23.59 شەو. ئەگەر واسەیرت کرد کەوا تۆ لە پلەی یەکەمدای بۆ خانووبەرەکە کاتێک کە سووڕی داخوازییەکە کۆتایی هات، تکایە چاوەڕێ بکە کە پەیوەندیت پێوە بکرێ لەلایەن خاوەن ماڵی پەیوەندیدارەوە، کە لەوانەیە لە باودۆخێکدابن کەنەتوانن بەخێرایی پەیوەندیت پێوە بکەن.

ئەگەر خانووبەرەیەکت پێبدرێت بەڵام ڕەفزی بکەیت و وەرینەگریت، ئەوا بە شێوەیەکی ئاسایی باندەکەت بۆ ماوەی 6 مانگ یەک پلە نزم دەکرێتەوە و دەخرێتە باندێکی خوارتر. ئەگەر بە بۆچوونی تۆ ئەو خانووبەرەیەی پێتدراوە گونجاو و لەبار نیە بۆ ئێوە، ئەوا دەبێت هۆیەکانت بۆ ڕەفزکردنی وەرگرتنی خانووبەرەکە بە نووسین/نامە پێشکەش بە تیمی هۆمچۆیس بریستۆڵ بکەیت. ئەگەر سەبارەت بە ئەو کارە (واتە نووسینی داواکاریی و هۆیەکان) پێویستیت بە یارمەتی هەیە، ئەوا تکایە پەیوەندیی بە یەکێک لە خاڵەکانی کاروباری هاوڵاتیان (کەستمەر سێرڤیس پۆینت) بکە.

ئەگەر خانووبەرەیەکت پێبدرێت، ئەوا ناوت ناخرێتە هیچ لیستێکی خانووبەرەی ترەوە هەتا ئەو کاتەی بڕیار ئەدەیت ئایا دەتەوێت وەریبگریت یاخود ناتەوێت وەریبگریت.

هەر کە ڕازی بوویت کە خانووبەرەیەک وەربگریت، ئەوا خاوەنماڵەکە مەوعیدێکت بۆ دروست دەکات بۆ ئەوەی بچیت ڕێکەوتنامەی/گرێبەندی کرێچێتیی خانووبەرەکە ئیمزا بکەیت و کلیلەکان وەربگریت.

هەنگاوی چوارەم – ئاکام و بڕیار

کاتێک کە لە ڕێگەی ماڵپەڕەکەی ئینتەرنێتەوە داخوازیی بۆ خانووبەرەیەک پێشکەش دەکەیت، ئاستی داخوازییەکەت لە ڕیزبەندیی (سەرەی) داواکارەکاندا نیشان دەدرێت (واتە نیشان دەدرێت کە ناوی تۆ لە نۆرەکەدا چەندەمین ناوە). بەڵام ئەگەر لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە داخوازیی بۆ خانووبەرەیەک پێشکەش بکەیت، ئەوا هەر کە زانیارییەکانی داخوازییەکەت پشتڕاست کردەوە ئیتر پێت ڕادەگەیەندرێت کە ئایا ئاستی داخوازییەکەت لە ڕیزبەندیی داواکارەکاندا چەندەمینە. بە درێژایی ماوەی سووڕی هەر ڕێکلامێک دەتوانیت بزانیت چەندەمینیت لە نۆرەکەدا، ئەوەش لە ڕێگەی چوونە ناو سیستەمەکە (لۆگین) لۆگین/حیسابەکەم (Login/My account). ئەگەری ئەوە زۆرە کە لە ماوەی سووڕی ڕێکلامەکەدا ئەگەری (ئیحتیمالی) ئەوە زۆرە کە ئاستی نۆرەی ناوەکەت لە ڕیزەکەدا بە بەردەوامی بگۆڕێت، چونکە کەسانی تریش داخوازیی بۆ هەمان خانووبەرە پێشکەش دەکەن. ئەمجا بە گوێرەی ئەو زانیارییە دەتوانیت بڕیار بدەیت کە داخوازییەکەت بگۆڕیت و داخوازیی بۆ خانووبەرەیەکی تر کە لە شوێنێکی چاکتری نۆرەکەیدا دادەنرێیت پێشکەش بکەیت.

زانیاریی دەربارەی ئەو خانووبەرانەی کە سەرکەوتووانە بە داواکارەکان بە کرێ دەدرێن، لە ئەم شوێنانەدا بڵاو دەکرێنەوە: لەسەر ماڵپەڕی **هۆمچۆیس بریستۆڵ** و لە ئەو هەواڵنامەیەدا، کە دەتوانرێت لە **خاڵەکانی خزمەتگوزاریی هاوڵاتیانی** کاونسڵی شاری بریستۆڵ بەدەست بکەوێت. بۆ زانینی زانیاری دەربارەی ئەوەی ئایا چەند کەس داخوازیی بۆ هەر کام لە خانووبەرەکان پێشکەش کردووە، هەروەها باند و بەرواری تۆمارکردنی هەر کام لە داواکارە سەرکەوتووەکان، تکایە بڕوانە ئەو خانووبەرانەی لە ئەم دواییەدا بە کرێدراون (Recent Lets) .

ئەمە زانیاریی ئەوەت پێدەدات کە ئایا کام لە خانووبەرە و ناوچەکان داواکاریی لەسەریان زۆرە و خەڵک ئارەزوویان دەکات و ئایا دەبێت ماوەی چەند چاوەڕوانی بۆ ئەوانە بکەیت هەتا وەریبگریت. ئەمجا دەتوانیت بڕیار بدەیت کە داخوازیی بۆ خانووبەرەی تر و ناوچەی تر پێشکەش بکەیت کە دەبینیت ئەگەری وەرگرتنیت زیاترە و پێویست ناکات ئەوەندە چاوەڕوان بکەیت.

کێ دەتوانێت ئەم خزمەتگوزارییە بەکاربهێنێت

بۆ ئەوەی بتوانیت لە ڕێگەی ئەم خزمەتگوزارییەوە داواکاریی بۆ خانووبەرە پێشکەش بکەیت، دەبێت ناوت لە **تۆماری خانووبەرەی بریستۆڵ (بریستڵ هاوزین ڕێجیستەر)**، واتە لیستی چاوەڕوانی خانووبەرەی بریستۆڵ، تۆمار کرابێت. هەر کەسێک تەمەنی 16 ساڵ یان زیاتربێت دەتوانێت داوا بکات کە لە **تۆماری خانووبەرەی بریستۆڵدا** ناونووس بکرێت و ناوی تۆمار بکرێت. دەبێت فۆرمێکی داواکاریی پڕ بکەیتەوە. دەتوانیت فۆرمێکی داواکاریی لە هەر کام لە **خاڵەکانی خزمەتگوزاریی هاوڵاتیان** وەبگریت وە یاخود دەتوانیت لەسەر ئینتەرنێت فۆرمێکی داواکاریی پڕ بکەیتەوە. لە ڕیگەی ئەو فۆرمی داواکارییەوە دەتوانیت داواکاریی بۆ خانووبەرەی کاونسڵ و خانووبەرەی هاوزین ئەسۆسیەیشن پێشکەش بکەیت. بۆ کاتەکانی دەوام و زانیارییەکانی پەیوەندیکردن، تکایە کرتەیەک بکە لەسەر جۆنیەتی پەیوەندیکردن بە ئێمە.

هاوپێچ لەگەڵ فۆرمی داواکارییەکەتدا، دەبێت ئەم شتانەی خوارەوە دابین بکەیت:

- بەڵگەی ناسنامە بۆ هەموو ئەندامانی خێزانەکەت (بۆ نموونە پاسپۆرت، بڕوانامەی لەدایکبوون)
- بەڵگەی ئەدرەسی ئێستات (بۆ نموونە پسوولەیەکی/وەسڵێکی ئەم دواییانەی غاز، کارەبا، ئاو)
- ئەگەر تۆ ڕەگەزنامەی بەریتانیت نیە، دەبێت بەڵگەنامەی ئەوەی کە مافی نیشتەجێبوونت/ئیقامەت لە بەریتانیا (شانشینی یەکگرتوو) هەیە پێشکەش بکەیت (بۆ نموونە پاسپۆرت و نامە و بەڵگەنامەکانی تری **هۆم ئۆفیس**)

بەر لە ئەوەی کە خانووبەرەیەکت پێبدرێت، دەبێت بەڵگەنامەی تر بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکەت پێشکەش بکەیت. ئێمە پاشتر پێتی ڕادەگەیەنین کە دەبێت چ بەڵگەنامەیەکی تر و کەی پێشکەشیان بکەیت.

هەموو ئەو بەڵگەنامانەی کە پێشکەشیان دەکەیت دەبێت نوسخەی ئەسڵی بن و لە کارنەکەوتبن.

هەر کە هەموو بەڵگەنامەکانمان بەدەست گەشت، ئەمجا لێکدانەوەی داواکارییەکەت دەکەین و لە بەرواری بەدەستگەشتنی بەڵگەنامەکانەوە باندێکت بۆ دەستنیشان دەکەین. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی سیستەمی دەستنیشانکردنی باندەکان، تکایە کرتەیەک بکە لەسەر ریزبەندیی داواکارییەکان.

ئەی کێ ناتوانێت و مافی ئەوەی نیە ئەم خزمەتگوزارییە بەکاربهێنێت؟

تۆ ناتوانیت ئەم خزمەتگوزارییە و ئەم سیستەمە بەکاربهێنێت ئەگەر فۆرمێکی داواکارییت پڕ نەکردبێتەوە و لە تۆماری خانووبەرەدا (لیستی چاوەڕوانی) ناونووس نەکرابیت.

هەروەها هەندێک کەس هەن کە مافی ئەوەیان نیە لە تۆماری خانووبەرەدا ناونووس بکرێن. ئەوانە بریتین لە:

- هەندێک کەسی دیاریکراو کە بە گوێرەی یاسای پەنابەریی و کۆچبەریی 1996 مەرجی دیاریکراوی نیشتەجێبوونیان لەسەر دانراوە.
- هەندێک کەسی بێگانەی دیاریکراو کە ئەگەرچی مەرجی دیاریکراوی نیشتەجێبوونیان لەسەر دانەنراوە، بەڵام ئەوان بە شێوەیەکی گشتیی هەمیشەیی لە بەریتانیا، لە چەناڵ ئایلەندس (دورگەکانی کەناڵ)، دورگەی ئایڵ ئۆف مان یان لە کۆماری ئێرلەندا، نیشتەجێ و جێگیرنین.
- کەسانێک (هەروەها ئەندامانی خێزانەکانیشیان) کە لە ڕابردوودا بە تۆمەتی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ناپەسەند حوکم دراون و شیاوی ئەوە نین کە وەکو کرێچیی وەربگیرێن و خانووبەرەیان پێبدرێت.

بۆ زانیاریی زیاتر لەوبارەیەوە، تکایە پەیوەندیی بکە بە تیمی هۆمچۆیس بریستۆڵ یان بە یەکێک لە خاڵەکانی خزمەتگوزاریی هاوڵاتیان.

ڕیزبەندیی داواکارییەکان

خزمەتگوزاریی هۆمچۆیس بریستۆڵ-HomeChoice Bristol سیستەمێکی ڕیزبەندیی داواکارییەکان پەیڕەو دەکات (واتە داواکارییەکان بە گوێرەی مەرجەکان بە نۆرەیەکی دیاریکراو ڕیز دەکات). هەموو داواکارییەکان بۆ بەکرێگرتنی خانووبەرە یان بۆ گۆڕینی خانووبەرە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی دەکرێت و دەخرێتە یەکێک لە 5 باندی جیاواز. ئەم خشتەیەی خوارەوە سیستەمی دەستنیشانکردنی باندەکان ڕوون دەکاتەوە و هەروەها نموونەی تێدایە دەربارە کۆمەڵێک جۆری جیاوازی داواکاریی کە دەخرێنە چ باندێکەوە.

باند	مەرجەکان
باندی 1	لە ئەم حاڵەتانەی خوارەوەدا داواکارییەک دەخرێتە باندی 1: ئەگەر ئەوان پێویست دەکات کە لە ماوی سێ مانگدا لە لایەن کاونسڵەوە یان هاوزین ئەسۆسیەیشنەوە بگوێزرێتەوە بە هۆی ئەوەی کە ئیشوکاری چاککردنەوە یان گەشەپێدانی گەورە لە خانووبەرەکەیدا دەکرێت. ئەگەر پێویست دەکات کە بۆ خانووبەرەیەکی گەورەتر بگوێزرێتەوە بۆ ئەوەی ببێت بە چاودێری فۆستەر، واتە چاودێرکردن و بەخێوکردنی منداڵی بێکەس (بە گوێرەی پێشنیارەکانی دەزگای خزمەتگوزارییەکانی منداڵان و گەنجان). ئەگەر ئەوان کرێچیی کاونسڵ یان هاوزین ئەسۆسیەیشن و بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی ئەندامانی خێزانەکە بەلایەنی کەمەوە دوو ژوورن و داوای گواستنەوە دەکەن بۆ خانووبەرەیەکی تر کە دوو ژووری کەمترە لەم خانووەی ئێستا. ئەگەر ئەوان بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی ئەندامانی خێزانەکە لە ماڵەکەدا زۆر قەرەباڵغن و بەلایەنی کەمەوە سێ ژووری نووستنی تریان پێویستە. بڕوانە HN – پێداویستییەکانی خانووبەرە (ئەی چۆن ئەگەر زیاتر لە یەک پێداویستییم هەبێت؟) ئەگەر ئەوان ئامادەکاری پرۆژەی پشتگیری بڕانچوت لۆدجینگن وەکو ئەوەی کە جەخت کراوەتەوە لەلایەن خزمەتگوزاری بەشی گەنجان، کە خانووبەرەیەکی تری گەورە داواکراوە بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕۆڵە. ئەگەر ئەوان ناکەونە هیچکام لەو دابەشبوونانەی کە لەم بەرنامەیەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام ئەوان حاڵەتێکی زۆر تایبەتی و بە پەلەیان هەیە کە دەبێت لە ماوەی سێ مانگدا خانووبەرەیان بۆ دابین بکرێت.
باندی 2	لە ئەم حاڵەتانەی خوارەوەدا داواکارییەک دەخرێتە باندی 2: ئەگەر داواکارەکە یان یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکە نەخۆشییەکی سەختی جەستەیی یان دەروونی هەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە ئەم ماڵەی ئێستاوە. داوایەکی بەپەلە هەیە بۆ ئەوەی بچنە خانوویەکی جیاوازی ترەوە یان ناوچەیەکی ترەوە بەمەبەستی ئەوەی کە داواکارەکە (یان یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکە) کاروبار ئەنجام بدات بەشێوەیەکی سەربەخۆو سەلامەت. **HN** ئەگەر ئەوان بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی ئەندامانی خێزانەکە لە ماڵەکەدا زۆر قەرەباڵغن و دوو ژووری نووستنی تریان پێویستە. **HN** ئەگەر ئەوان مەرجەکانی ڕێوشوێنەکانی گواستنەوە لە خانووبەرەی چاودێریان تێدابێت. ئەگەر ئەوان لەلایەن بکەونە ژێر پلانی پشتگیری نیشتەجێکردنەوە، کە ناسراوە بە سەپۆرتد لۆجین سکێم، و ئامادە بێت کە بگوێزێتەوە بۆ خانووبەرەیەکی بێلایەنی کۆمەڵایەتی.

باند	مەرجەکان
باندی 3	لە ئەم حاڵەتانەی خوارەوەدا داواکارییەک دەخرێتە باندی 3: ئەگەر داواکارەکە یان یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکە بە پەلە پێویست دەکات خانووبەرەیان بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی لە دەست دوچاربوون بە هەراسانکاریی یان هەڕەشەی ڕاستەقینەی ئازارپێگەشتن بیانپارێزێت. **HN** ئەگەر داواکارەکە یان یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکە بە پەلە پێویست دەکات خانووبەرەیان بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی بچنە نزیک خزم یان کەسوکارێکیان بە مەبەستی دابینکردنی خزمەت و چاودێریی بۆ ئەو کەسەیان یان دابینکردنی خزمەت و چاودێریی بۆ ئەم لە لایەن کەسەکەوە و، ئەو خزمەت و چاودێرییە کاریگەریی زۆری لەسەر لەشساغی و بارودۆخی ژیانیان دەبێت. **HN** ئەگەر بە گوێرەی یاسا، کەونسڵی شاری بریستڵ بەپێی ماددەی 193(2) ی یاسای خانووبەرەی 1996 و لەخانووی کاتیدا نین (بەڵام لە خانووی حاڵەتی کتوپڕدان). ئەگەر بە گوێرەی یاسا، کەونسڵی شاری بریستڵ بەپێی ماددەی 193(2) ی یاسای خانووبەرەی 1996 و لەخانووی کاتیدا بۆ ماوەی 12 مانگ ئەم یاسایە دەیگرێتەوە. **HN** ئەگەر ئەوان لە خانووبەرەیەکدا دەژین بە هەمیشەیی و خانووەکە زۆر قەرەباڵغە (بۆ نموونە خانووەکە دوو ژووری کەمترە لە پێداویستی خۆیان و داوای چوار ژوور یان زیاتر دەکەن) گواستنەوەیان دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ئەو قەرە باڵخیەی کە لە خانووەکەدا هەیە. **HN** ئەگەر ئەوان لە خانووبەرەیەکدا دەژین کە بارودۆخی تەندروستیی تێیدا گونجاو و لەبار نیە و بە ڕادەیەک بۆ سەر تەندروستیی و سەلامەتییان مەترسیی هەیە و خراپە کە دەبێت خانووبەرەیان بۆ دابین بکرێت. **HN** ئەوان کرێچی خانووبەرەی بریستڵی هاوبەشن و خانووەکە قەرەباڵخەو یەک ژووری کەمترە لە مافی خۆیان و هەڵسەنگاندن ئەنجام دراوە بۆ بارودۆخی خانووەکە، ئەوە پیشاندراوە کە بچنە بەشی (کاتیگۆری) 1ی مەترسی شوێن و قەرەباڵخی..**HN** ئەوان خەڵکی گەنجن، لەژێر چاودێریدان و لەلایەن خزمەتگوزاری گەنجان و منداڵانەوە نێردراون.
باندی 4	لە ئەم حاڵەتانەی خوارەوەدا داواکارییەک دەخرێتە باندی 4: ئەگەر ئەوان کرێچیی خانووبەرەی بریستڵی هاوبەشن و بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی ئەندامانی خێزانەکە بەلایەنی کەمەوە یەک ژووری زیادەیان هەیە. داوای گواستنەوە دەکەن بۆ خانوویەکی تر کە ژوورێکی کەمتری هەیە لەو خانووەی کە ئێستا تێیدا دەژین. ئەگەر ئەوان بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی ئەندامانی خێزانەکە لە ماڵەکەدا زۆر قەرەباڵغن و بەلایەنی کەمەوە یەک ژووری نووستنی تریان پێویستە. **HN** ئەگەر ئەوان بێجێگەن (هۆملیس) و ئەرکی دەسەڵاتی ناوچەکەیە، هەروەها ئەگەر ئەوان کەمتر لەدوانزە مانگە لە خانووبەرەی کاتیدان. **HN** ئەگەر داواکارەکە یان یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکە کێشەی تەندروستی لاشەیی یان عەقڵی هەیە. ئەمەش بەشێکی پەیوەندی هەیە بەو خانووەی کە ئێستا تێیدا دەژین وە یارمەتیان دەدات ئەگەر هاتوو بگوێزنەوە بۆ خانوویەکی تر یان ناوچەیەکی تر. خانووەکە ناتوانرێت بگونجێنرێت و کێشەکە مەرجەکانی باندی 2 ی تێدا نیە **HN** ئەگەر داواکارەکە یان یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکە پێویست دەکات بۆ ناوچەیەکی دیاریکراوی شار بگوێزێتەوە، چونکە ئەگەر نەگوێزێتەوە دەبێتە مایەی بێدەرتانی و هەژاریی و ژیانێکی سەخت بۆ خۆیان یان بۆ کەسانی تر. **HN**
باندی 5	ئەگەر داواکارییەکە هیچ کام لە ئەو مەرجانەی باندی 1-4ی تێدا نەبێت، ئەوا دەخرێتە باندی 5

ئایا لە چ بەروارێکەوە داواکارییەکەم لێکدانەوەی دەکرێت و دەکەوێتە کار؟

بۆ هەر کام لە باندەکان، داواکارییەکان بە گوێرەی بەروارەکانیان لێکدانەوەیان دەکرێت،کە ئەوە بریتیە لە بەرواری بەدەستگەشتنی داواکارییەکە یاخود ئەو بەروارەی کە باندێک بۆ داواکارییەکە دەستنیشان کراوە و خراوەتە باندێکەوە.

ئەی چۆن ئەگەر زیاتر لە یەک پێداویستییم هەبێت؟

ئەگەر داواکارییەک بە گوێرەی مەرجەکانی HN – پێداویستییەکانی خانووبەرە مەرجی ئەوەی تێدابێت کە بخرێتە زیاتر لە یەک باندەوە، ئەم داواکاریە دەخرێتە شوێنێکی بەرزتر لە دوو باندەکە و بەرواری کارکردنی بە ماوەی شەش مانگ پێش دەخرێت (واتە بەروارەکەی بۆ شەش مانگی پێشتر دەگێڕدرێتەوە). ئەمە بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کەسانی کە لە هەموولایەک زیاتر پێداویستیی خانووبەرەیان هەیە لە پێشتر دادەنرێن. کاتێک پێداویستیەکان لەبەر چاو دەگیرێن، زۆرترین کات کە داواکردنەکە بۆی دەگەڕێتەوە، شەش مانگە.

ئایا دەتوانرێت باندەکەم بۆ باندێکی خوارتر نزم بکرێتەوە؟

دەتوانرێت داواکارییەک بخرێتە باندێکی نزمتر، واتە 'دابەزێنرێت'، ئەگەر داواکارەکە:

- هیچ پەیوەندییەکی بە بریستۆڵەوە نەبێت (بۆ نموونە هیچ کەسوکار و خزمێکی لە بریستۆل نیە).
- ئەگەر خێزانێکە کە کۆی داهاتی ساڵانەی هەموو خێزانەکە پێکەوە وە یاخود پارەی پاشەکەوتیان لە £30,000 زیاتربێت، یاخود هیچ منداڵێکیان نیە کە ئەمان لە بەخێوکردنی بەرپرسیاربن و کۆی داهاتی ساڵانەیان پێکەوە وە یاخود پارەی پاشەکەوتیان لە £25,000 زیاتربێت.
- ئەگەر داواکارەکە خاوەنی خانووبەرەیەکە کە بڕی 'ئیکویتی-equity' (واتە نرخی خانووبەرەکە پاش ئەوەی قەرزی مایەی خانووبەرەکەی لێدەردەکرێت) لە £30,000 زیاترە بۆ خێزانی منداڵدار یان لە £25,000 زیاترە بۆ خێزانێک کە منداڵیان نیە کە ئەمان لە بەخێوکردنی بەرپرسیاربن.
- ئەگەر داواکارەکە بە هۆی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ناپەسەندییەوە حوکمی دادگای بەسەردا دراوە.
- ئەگەر داواکارەکە زیاتر لە بڕی £300 پارەی **کاونسڵی شاری بریستۆڵ** یان یەکێک لە **هاوزین ئەسۆسیەیشنەکان** قەرزارە.
- ئەگەر لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا خانووبەرەیەکی پێدراوە بەڵام ڕەفزی کردووە کە وەریبگرێت.

ئەگەر هەست دەکەیت ئێمە بەناهەق و ناڕەوایانە باندەکەتمان نزم کردۆتەوە یان ئەگەر لەو باوەڕەدایت کە خراویتە باندێکی هەڵەوە و دەبووایە بخرێیتە باندێکی ترەوە، ئەوا دەتوانیت ئیستینناف لە دژی بڕیارەکەمان بکەیتەوە (واتە داوا بکەیت کە دووبارە پێداچوونەوە و لێکدانەوەی بکەینەوە).